

# زەکەریا تامر.

# ئەوانەی هەوڵیان دا دیمەشق بگوێزنەوە بۆ سەدەی بیست و یەک، کوشتیان.

سازدانی: ئەحمەد خەلیل
لە عەرەبییەوە: ئیبراهیم ئەحمەد

(هەر وڵاتێک بەڕێزەوە وەک ئادەمیزاد مامەڵەت لەگەڵ بکات، ئەوە نیشتمانی تۆیە، بۆ رزگارکردنی زەکەریا تامر لە دیمەشق رۆشتم و دە ساڵ لە لەندەن ژیام و چواردە ساڵیش دەبێت لە ئۆکسفۆرد نیشتەجێ بووم). ئەوەندەی پێنەچوو کە زەکەریا تامر لەسەر کورسییەکەی پشتمەوە لە قاوەخانەی (الروضة الدمشقی) دانیشت و بە تووڕەییەوە وتی: (ئیتر دانیشتن لە دیمەشق کارێکی ئەستەمە)، لە ماوەی دوو مانگی نیشتەجێبوونی لە دیمەشق بە جەنگ لەگەڵ نەخۆشیدا بردییە سەر، پیسبوونی ژینگەی شارەکە رێگەی نەدا بە نووسەر کە هیچ کام لە یادەوەرییەکانی دەرببڕێت، کە پڕبوون لە گوڵی یاسەمینی دیمەشقی و گەشاوەیی سەوزاییەکانی و بێگەردی رووبارەکەی. بۆیە تامر بڕیار دەدات (نیشتەجێ دەبم ئەگەر بە تەواوەتی لە شارەکەی تر گەڕامەوە). تامر بە داخەوە هەناسە هەڵدەکێشێت و دەڵێت: ئەم شارە ناناسمەوە و بە تەواوەتی ناچمەوە سەری و هیچ پەیوەندییەکی بەو دیمەشقەوە نییە کە من ئەیناسم، من ئێستا لەو باوەڕەدام کە شاریش وەک ئادەمیزاد وایە، دەژی و پیر دەبێت و دەمرێت، ئەو دیمەشقە لێوان لێوە لە ژیان و جوانییە، بە مردنێکی سروشتی نەمردووە، بەڵکو بە دڕندەیی کوژراوە و بکوژەکانیش ناسراون و دەستی



کاتێک من دیمەشقم بەجێهێشت کە بە تەواوەتی توانای نووسینی چیرۆکم نەما، ئەو بێ تواناییەش بە تەواوەتی بێزاری کردم، بە تایبەت کاتێک کە من گشت ژیانم تەرخان کرد بۆئەوەی تەنها ببم بە چیرۆکخوان و هیچ بەتەماع نەبووم بۆ ناوبانگ و شکۆداری و پلەوپایە

**سزا نایانگاتێ و خۆشییەکە لەوەدایە کە هەندێک کەس بانگێشتی ڕواندنی یاسەمینی زیاتر دەکەن لە دیمەشقدا، کە پەندی (خۆڵ ڕێژە و بە گوڵ دەڕازێنرێتەوە) بەسەریاندا جێبەجێ دەبێت.**

**سەرەڕای ئەوە تامر ناتوانێت ڕق لە دیمەشق هەڵبگرێت، کە لەسەر قسەی خۆی پیاوی ڕاستەقینە ڕق لە دایکی هەڵناگرێت گەر پیر بێت و ڕۆژگاریش رووخساری بشێوێنێت.**

***لەدوای کۆچکردنت لە سوریا، چەند جارێک خەڵاتی ڕێزلێنانت پێ دراوە، ئایا خەڵات پاداشتە بۆ تۆ؟ لەبەرئەوەی کە تۆ ڕۆشتوویت و لاسارییەکەت دوورخستووەتەوە یان ئەوە جۆرێکە لە پۆزش بۆ خاوەن (دمشق الحرائق)؟**

-هەرچ خەڵاتێکی ڕێزلێنانم وەرگرتبێت بە دڵنیاییەوە پاداشت نییە، هەروەها پۆزش هێنانەوەش نییە، بەڵکو پێم وایە کە دەوڵەت بەئاگا هاتۆتەوە لەو ئەرک و فەرمانانەی لەسەر شانیەتی بەرامبەر بە داهێنەرە سورییەکان و ویستویەتی خەڵاتیان بکات، بۆیە هەندێکیانی هەڵبژاردووە و هەڵبژاردنەکەشی سەرکەوتوو و پاک بووە، بەکەسێک وەک ڕەخنەگرێکی ڕاست ڕابگەیەنن: باشترین ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و شاعیرمان بۆ هەڵبژێرە و پێیان نەگوتووە ڕووناکبیری سەر بە ئێمەمان بۆ هەڵبژێرە، بۆیە تا ئێستا هیچ ڕووناکبیرێکیان هەڵنەبژاردووە کە بە دووڕوویی بۆ دەسەڵات ناوبانگی دەرکردبێت و هەموو ئەوانەشی کە خەڵات کراون لە بوارەکانی ڕۆمان و چیرۆک و شیعردا شایستەی ئەو خەڵاتەن، هەروەها ئەو بەرهەمانەیان پێشکەش کردووە کە بە گشتی ڕوویەکی پۆزەتیڤی ئەدەبی سوری هاوچەرخە (حنا مینه، عبدالسلام العجیلی، زکریا تامر، ولید إخلاصی، سلیمان العیسی، محمد الماغوط)

***لە سەرەتای پەنجاکاندا حیزبی شیوعیت بەجێهێشتووە و لە سەرەتای هەشتاکانیشدا دیمەشق، ئایا هیچ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان تەسکیی بیروڕاو و تەسکیی شوێن و دەسەڵاتەکانی؟**

-ئەوەی کە بیزانم ئەوەیە کاتێک من دیمەشقم بەجێهێشت کە بە تەواوەتی توانای نووسینی چیرۆکم نەما، ئەو بێ تواناییەش بە تەواوەتی بێزاری کردم، بە تایبەت کاتێک کە من گشت ژیانم تەرخان کرد بۆئەوەی تەنها ببم بە چیرۆکخوان و هیچ بەتەماع نەبووم بۆ ناوبانگ و شکۆداری و پلەوپایە. هۆکاری وەستانی من لەو کاتەدا لە چیرۆکنووسین هەژاریی ناخی کەسێتیم نەبوو، بەڵکو هۆکارەکەی لەو جیهانە دەرەکییەدا کۆبووبۆوە کە ڕۆژانە تیایدا دەژیام، بۆیە دەبوو بڕۆم بەرەو جیهانێکی تر بۆ ڕزگارکردنی زەکەریای نووسەر. هەڵەش نەبووم، من ئێستا خاوەن توانایەکی کارکردنم کە تووشی سەرسوڕمان و تێڕامانم دەکات، ئێستا من توانای بەرهەمهێنانی پەرتووکێکی تەواوم هەیە لە چەند مانگێکدا، لە کاتێکدا لە دیمەشق لە ساڵێکدا توانای نووسینی سێ چیرۆک زیاترم نەبوو، بۆیە پێشوازی لەو کەسە سەرسامانە دەکەم کە پیرۆزبایی توانا بێ بەربەستەکەم لێ دەکەن. ژیانی ڕۆژانە لە دیمەشق، داهێنەر لەژێر تەنێک گەرد و خۆڵدا نووقم دەکات و هەتا ئەو داهێنەرە لەو گەرد و خۆڵە ڕزگاری دەبێت تا جارێکی تر توانای نووسینی هەبێت پێویستی بە کارێکی نمونەیی هەیە، پاشان تا داهێنەر هەست بە ئازادبوونی لەو گەرد و خۆڵە دەکات، ماندوو دەبێت و بە نووسینی چەند دێڕێک دەست هەڵدەگرێت و

# ئەوەی کە بەلای منەوە گرنگە بریتییە لە مرۆڤ نەک شوێن، شوێنەکان تەنها دیکۆرن و هیچی تر

خۆی دەدات بەدەست خەوەوە، بەیانیش لە خەو هەڵدەستێت تا جارێکی تر ئەو گەرد و خۆڵە دایدەپۆشێتەوە.

***کاتێک قاچت خستە خاکی لەندەنەوە چۆن بیرت لە دیمەشق کردەوە یان خورپەی شوێنە تازەکە بە تەواوەتی هۆشی بردیت؟**

-بیرم لە دیمەشق نەکردەوە و تووشی خورپەی شوێنە تازەکە نەبووم یان هۆشی بردبێتم.

لە فڕۆکەکەدا بەخۆمم وت: بەهێزبە و دەستبەرداری سۆزی ساختە و چەواشەکار مەبە و بە ساردی ئەقڵت بەکاربهێنە، هەموو وڵاتێک بە ڕێزەوە مامەڵەت لەگەڵ دەکات، نەک وەک نووسەرێک، بەڵکو وەک بە ئادەمیزادو دروستکراوێک، بۆیە ئەو وڵاتە دەبێتە نیشتمانی تۆ. بەریتانیا ئەو وڵاتە سەرسامکەرە بوو کە ڕێز لە گشت خەڵکێک دەگرێت، بەڵام بە مەرجێک کە پەیوەست بێت بە یاسا باوەکانییەوە، بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەک تیایدا ژیام بەبێ ئەوەی بۆ ڕۆژێکیش هەست بەوە بکەم کە سووکایەتیم پێکراوە یان چەوسێنراومەتەوە... ماوەی دە ساڵ لە لەندەن ژیام و دواتر گواستمەوە بۆ شاری ئۆکسفۆرد و ئەوە بۆ ماوەی چواردە ساڵە لەو شارەدا نیشتەجێم، کە شارێکی بچکۆلەیە و ڕاهاتووم بە بەخێرهاتنی کەسە بێگانەکان، بەهۆی زانکۆ بەناوبانگەکەیەوە، خۆشمویست و کە لێشی دووردەکەومەوە بیری دەکەم و هەندێکجار واهەست دەکەم کە لە یەکێک لە خانووەکانیدا لەدایکبووم.

کاتێک لە بەریتانیا بووم بۆم دەرکەوت کە چەند چێژی هەیە چاودێریی کۆمەڵگەیەک بکەیت کە مومارەسەی ئازادیی خۆی دەکات و بە پیرۆز ڕایدەگرێت و تاکەکانی ئەرک و مافەکانی خۆیان دەزانن، ئەو چاودێرییەش بەشدار بوو لەسێدارەدانی هەموو ئەو چاودێرانەی بە دزییەوە دەهاتنە ناو ناخمەوەو دەستم کرد بە نووسینی هەموو بابەتێک کە حەزم پێدەکردن.

***چیت لە بیرماوە لە شێوەی جێگا کۆنەکانی جاران لە دیمەشق، ئەو جێگایانەی کە تا ئێستا لە یادتا ماوەن؟**

-کوچەی (البحصە الجونیە)م لە بیرە کە سەر بە گەڕەکی (سوق ساروجە) بوو، کە تیایدا لەدایکبووم و ئێستا هیچ بوونێکی نییە، چونکە گشتی ڕووخێنراوە و بینای گەردنکەشی دروستکراو لە چیمەنتۆ و ئاسن و بەرد جێی گرتۆتەوە، ئەو گەڕەکەش نووسابوو بە گۆڕەپانی (المرجە) کە لە دیمەشقدا بە گۆڕەپانی سەرەکی دادەنرێت، کە بارەگای حکومەت و فەرمانگەکانی پۆلیسی تێدایە و لەوێوە خۆپیشاندانەکان دەکران، هەر لەوێشدا پەتی سێدارە لە بەرەبەیاندا هەڵدەواسرا بۆ مل بە پەتداکردنی ئەو کەسانەی کە سزای لەسێدارەدان بەسەریاندا سەپێنرابوو، بۆیە بۆ دانیشتوانی گەڕەکەکەمان هەبوو بە پیاو و ژن و منداڵەوە کە سەیری ساتەوەختی لەسێدارەدانی ئەو کەسانە بکەن و مردن لە ناشرینترین شێوازەکانیدا بناسن.

شێتەکانی دیمەشقم بیرە کە لە گەڕەک و کۆڵان و بازاڕەکاندا بڵاوبووبونەوە، هەر شێتێکیش کەسایەتیی جیاکەرەوەی تایبەتی پێکەنیناویی خۆی هەبوو، لە کاتێکدا شێتەکانی ئێستای دیمەشق ئێسک قورسن و بە پیس و چەپەڵی و بێ تامی جیادەکرێنەوە.

ڕووباری (بردی)م بیرە کاتێک کە لاو بووم، بۆ هەر شوێنێک بچیت سەوزاییە. هەروەها پیاوانی گەڕەکە میللییەکان و بەها پڕ لە جوامێرییەکانییانم لە یادە.



کاتێک لە بەریتانیا بووم بۆم دەرکەوت کە چەند چێژی هەیە چاودێریی کۆمەڵگەیەک بکەیت کە مومارەسەی ئازادیی خۆی دەکات و بە پیرۆز ڕایدەگرێت و تاکەکانی ئەرک و مافەکانی خۆیان دەزانن، ئەو چاودێرییەش بەشدار بوو لەسێدارەدانی هەموو ئەو چاودێرانەی بە دزییەوە دەهاتنە ناو ناخمەوەو دەستم کرد بە نووسینی هەموو بابەتێک کە حەزم پێدەکردن.



هەژار و دەوڵەمەند لە یەک گەڕەکدا دەژیان، کە ماڵی دەوڵەمەنترین کەس نوسابوو بە ماڵی هەژارترین کەسەوە و هیچ گەڕەکێک بوونی نەبوو کە ناوی گەڕەکی دەوڵەمەندەکان یان گەڕەکی هەژارەکان بێت.

خانووە کۆنە پێکەوە نووساوە لێکهاتووەکانم لە بیرە کە بۆ پشوو و دڵنەوایی بۆ خاوەنەکانیان دروستکرابوون، هەر خانویەک قەڵایەکی سەربەخۆ بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە دڵی جیهانی دەرەکیدا بوو. ئەو کەسانەم لە یادە کە سەربەرز بوون و هیچ ستەمێکیان قبووڵ نەدەکرد و گەر نرخی نانەکەیان تەنها یەک قرش بەرزببوایەتەوە، ئەوە مانگرتن و خۆپیشاندان و رووخاندنی حکومەتی لێدەکەوتەوە. گەڕەکەکانیشم لە یادە، کە دانیشتوانی هەر گەڕەکێک وەک یەک خێزانی گەورەی هاوکاری یەکتر لە خۆشی و ناخۆشیدا وابوون. هەروەها ئەو خێروخۆشیانەشم لە یادە کە بازاڕەکانیان پڕ کردبوو و نرخە هەرزانەکانیشی کە هەر کەمدەرامەتێک دەیتوانی ژیانێکی خۆشی لایق بەو بژی. لە یادیشمە کە هەژار و دەوڵەمەند لە یەک گەڕەکدا دەژیان، کە ماڵی دەوڵەمەنترین کەس نوسابوو بە ماڵی هەژارترین کەسەوە و هیچ گەڕەکێک بوونی نەبوو کە ناوی گەڕەکی دەوڵەمەندەکان یان گەڕەکی هەژارەکان بێت.

***زوو وازت لە قوتابخانە هێناوە، چۆن کاریگەریی ئەوە وەک نووسەرێک لەسەر خۆت دەبینیت؟**

-بەلای کەسی هەڵەشەوە دەستهەڵگرتنی من لە خوێندن لە تەمەنێکی زوودا کاریگەریی نێگەتیڤی هەیە، بەڵام ئەوەی بەسەر مندا هات بە پێچەوانەوە بوو، لەبەرئەوەی ئەگەر سیستمی خوێندن دواکەوتووبوو ئەوا دەبێتە کۆت و زنجیر، من خوێندنەوەم هەیە بۆ گشت ئەو کار و بابەتانەی کە چێژی لێوەردەگرم و بیرڕۆشنم دەکات بەبێ ناوهێنانی خاوەن کارەکان، جا ئەو کەسانە بەناوبانگ بن یان نەناسراو بن، پاشان دەستم کرد بە نووسین بەبێ ئاڕاستە و بە تەنها گوێ هەڵخستن بۆ دەنگی ناخی خۆم کە هانیدەدام بەرەو نووسین، رەنگە هەر ئەوەش ئاڕاستەی کردبم بەرەو نووسینی چیرۆکی جیا و رێزنەگرێت لەو رێسایانەی کە رەخنەگران بە رێسای نووسینی هونەری چیرۆکنووسین ناوزەندیان دەکەن.

هەروەها من هەندێک هاوڕێی رووناکبیر دەناسم بەزەییم پێیاندا دێتەوە، چونکە ئەوان چەندین ساڵی زۆریان لە تەمەنیان لەکیس خۆیانداوە بە مەبەستی رزگاربوون لەو چەمکە لەناوچووانەی کە قوتابخانە و زانکۆ لە ناخیاندا چاندوویانە.

***پەیوەندیت بە پیشەی ئاسنگەرییەوە، ئایا یەکەم ئەزموون بوو لەگەڵ ژیان و رووبەڕووبوونەوەکانییەوە؟ پەیوەندییەکانی و کەش و هەواکەی لە یادە؟**

-یەکەم ئەزموونم لەگەڵ ژیاندا، لە ساتی هاتنە دەرەوەم لە سکی دایکم دەستپێکردووە، پاشان ئەزموونەکان بەدوایەکدا هاتن، هەندێکیان و هەندێکی تریان رووکەشکراو و سەرنجڕاکێشن، هەروەها هەر ئەزموونێک وانەیەکی زبر لەخۆ دەگرێت لە زیندانی ژیاندا، بەڵام ئەزموونم لەگەڵ پیشەی ئاسنگەریدا دەمکات بە کەسێک کە پشت بە کەسوکارەکەی نەبەستێت بۆ بژێویی رۆژانەی و ئەم پیشەیەم خۆشویست و وازم لێنەهێنا تا دوای تێپەڕبوونی وڵات بە تەنگەژەیەکی ئابووریدا، کە بووە هۆی لەکارخستنی زۆرێک لە کارگەکان، هەروەها پەرتووکی یەکەمم بە ناوی (حیلاندنی ئەسپی سپی) دەرکرد لە کاتێکدا کە کرێکاری کارگەیەک بووم.

من وەک نووسەر قەرزاری ئەو پیشەیەم، فێریکردم چۆن واقیع بەکاربهێنم، وەک کەرەستەیەکی سەرەتایی و شێوازی جیاواز و جۆراوجۆری لێ دروست بکەم،

# یەکەم ئەزموونم لەگەڵ ژیاندا، لە ساتی هاتنە دەرەوەم لە سکی دایکم دەستیپێکردووە

چونکە ئاسنگەر لە پۆڵا و ئاسن شێوازی دوایی نەهاتوو دروستدەکات، چەقۆ و گاسن و دەسکی دەرگا و تەرازوو و قوفڵ و پارچەی پێویست لە ئامێری چنین و بزوێنەری فڕۆکە دروست دەکات. ئەگەر ویستت جیاوازی لەنێوان جیهانی کارگەکان و جیهانی رۆشنبیر و رووناکبیرەکان بکەی، ئەوا لە جیهانی یەکەمدا هەموو شتێک روون و ئاشکرایە، هاورێ هاورێیە و دوژمنیش دوژمنە، بەڵام لە جیهانی دووەمدا دەمامک باڵی بەسەریدا زاڵە و ناتوانرێت روویەکی راست ببینرێت.

***زۆرێک لە نووسەرەکان بۆن و بەرامەی ئەو گەڕەکەی تیایدا ژیاون دەپرژێنن بەسەر پەرتووکەکانیاندا، ئایا گەڕەکەکەت لە دیمەشق، بوونی لە پەرتووکەکانت و ژیانتدا بە شێوەیەکی هەمیشەیی هەیە؟**

-وام بە خەیاڵدا دێت کە پەرتووکە چیرۆکەکانم تەنها لەسەر گەڕەکێک نەنووسیوە وەک گەڕەکی خۆم، بەڵکو لەسەر خەڵکی دیمەشق و گەڕەکە جیاجیاکانی نووسیوە، ئەوەی کە بەلای منەوە گرنگە بریتییە لە مرۆڤ نەک شوێن، شوێنەکان تەنها دیکۆرن و هیچی تر، هەروەها هیچ بەهایەکی هونەریی جیا بۆ کاری ئەدەبی زیاد ناکات.

***سەرەڕای دوورکەوتنەوەت لە دیمەشق بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەک، ئایا ئێستاش دیمەشق کانگەی داستان و چیرۆک و کەسایەتییەکانە؟**

-سەرەڕای ئەوەی کە ماوەی چارەکە سەدەیەکە من لە بەریتانیادا دەژیم، هیچ چیرۆکێکم نەنووسیوە کە پەیوەندیی بە بەریتانیاوە هەبێت و هەموو ئەو نووسراوانەی کە نووسیومن پەیوەندییان بەو وڵاتەوەیە کە تێیدا لەدایکبووم.

ئەگەر خۆمان بدەین بەدەست خەیاڵەوە و رووناکبیرەکانمان بە جۆرە درەختێک دابنێین، ئەوا من دەبمە درەختێکی ئەتوار سەیر کە لە بەریتانیا دەژیم، بەڵام رەگ و ریشەی لە خاکی سوریادایە و بە شێوەیەکی دروستنەکراو، پێوەی لکاوە.

هەروەها پێموایە هەموو ئەوانەی کە لە داهاتوودا دەینووسم لە چیرۆک، ئەوا هەر لە زەویی عەرەبی و مرۆڤی عەرەبیدا دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی وا راهاتووم کە بابەتێک نەنووسم بە قووڵی شارەزای نیم، هەروەها بە کەمی خۆشەویستی ون دەبێت تا هەجووی دڵدارێک جێگای بگرێتەوە کە خوازیارە شارەکەی ببێتە پایتەختی مرۆڤایەتی و سەربەستی، نەک پایتەختی قەفەسی جۆراوجۆر و دزی بێ شەرم و ئەو کەسانەشی چاو و ڕوویان رێگەیان پێنادات سواڵ بکەن.

***چی لە قاوەخانەکانی دیمەشق و هاورێیەتی و گفتوگۆکانی لەیادتا ماوە؟**

*ئەو قاوەخانەیەی کە زۆر بە خۆشەویستییەوە لەیادمە، قاوەخانەی (هافانا)یە کە ئەو کەسانەی سەردانیان دەکرد ئاوێتەیەک بوون لە رووناکبیر و رۆژنامەنووس و بیریار و ئەفسەر و فەرمانبەرە خانەنشینەکان. لەو قاوەخانەیەدا بۆ یەکەمجار بۆم دەرکەوت کە ئەو رووناکبیرانە بەرهەمەکانیان پێشکەش بە خوالێخۆشبوو (سعید الجزائری) دەکرد، کە بەرپرسی رۆژنامەی هەفتانەی (النقاد) بوو کە گەورە رووناکبیر و تەنانەت بچووکەکانیش پێشبرکێیان دەکرد بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان لەو رۆژنامەیەدا، یان بەرهەمەکانیان دەدایە دەست بەرێوەبەری قاوەخانەکە بۆئەوەی بیداتە سعید الجزائری. کاتێک کە لە نووسینی یەکەم چیرۆک تەواو بووم، خستمە ناو زەرفێکەوە و دامە دەست



هەندێک هاورێی رووناکبیر دەناسم بەزەییم پێیاندا دێتەوە، چونکە ئەوان چەندین ساڵی زۆریان لە تەمەنیان لەکیس خۆیانداوە بە مەبەستی رزگاربوون لەو چەمکە لەناوچەوانەی کە قوتابخانە و زانکۆ لە ناخیاندا چاندوویانە.



لە رۆژانی گەنجێتی و خۆتێهەڵقورتاندن و بەجۆش بۆ هەموو زانیارییەکی نوێ، نزیک گۆڕستانی دحداح نیشتەجێبووبووم، بۆیە دەمتوانی هەزاران مردوو ببینم لەکاتی بەخاکسپاردنیاندا و بۆشم روونبووەوە کە مردن چەند سەخت و دژوار و کۆتاییەکی بێ کەڵکە بۆ ژیانێک کە لە ئاگر و ئاو دەچێت

بەڕێوەبەری قاوەخانەکە، دواتر لە هەفتەی داهاتوودا سەرسام بووم بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەم، بۆیە خێرا دەستمکرد بە نووسینی دووەم چیرۆک، پاشان دامە دەست بەڕێوەبەری قاوەخانەکە و دوای چەند رۆژێک چوومە ناو قاوەخانەکەوە، بینیم سعید الجزائری بەتەنیا دانیشتووە، بیرم کەوتەوە کە لەسەر دووەم چیرۆکم ناوی خۆمم نەنووسیوە، بۆیە هەستم بە شەرم کرد و لە سعید الجزائری نزیک بوومەوە و وتم: من ناوم فلانی کوڕی فلانە و چیرۆکێکم بۆ ناردویت و لە بیرم چووە لە کۆتاییەکەیدا ناوی خۆم بنووسم، پێکەنی و پێی وتم: دانیشە دانیشە.. لەوباوەڕەدایت نەزانین بخوێنینەوە؟ بەیانی رۆژنامە بکڕە و چیرۆکەکەت دەبینیت بڵاوکراوەتەوە و ناوەکەشتی لەسەرە.

ئەو سەرەتایەم لە رۆژنامەی (النقاد)، یەکەم هەنگاوی باوەڕبەخۆبوون بوو لە رێگەی نووسینی رەقەوە. هەروەها دەتوانم بەبێ ترس لە تۆمەتبارکردن بە زیادەڕۆیی بڵێم کە قاوەخانی هاڤانا لەوکاتەدا وێنەیەکی راستگۆی چڕی ئەدەبی و رۆشنبیری سوریا بوو و زۆر قاوەخانەی تر ویستیان بەربەرەکانیی بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و وەک پەیکەری ئێسکی وابوون بەبێ گۆشت.

تەوژمە کێبڕکێکەرە ئاشتیخوازەکان لە قاوەخانەکەدا بریتی بوون لە تەوژمە مارکسی و چەپڕەو و تەوژمە نەتەوەییە عەرەبیەکان و تەوژمێک کە باوەڕی وابوو نابێت ئەدەب لە واقیع و کێشەکانی جیابکرێتەوە، بەڵام ئەوە ناگونجێت کە بچێتە ژێر باڵی بیر و باوەڕەکانەوە و ببیت بە زوڕناژەن بۆی، هەروەها تەوژمەکەی تریش (بێ دەسەڵات و لە جێی نەبووان بوو) و لاواز بوو و هەرچی هەڵدەستا و دادەنیشت دەیکرد بە ئامانج، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو تەوژمە لە ئێستادا تاکە رەوتە کە مافی ئەوەی هەیە لە کۆتاییدا پێبکەنێت. هەروەها قاوەخانەکانی دیمەشق خاوەن بازاڕگەرمی و رووتێکردن بوون بەو پێیەی کە گونجاو بوو لەگەڵ نەریتەکانی ئەو شارە داخراوەدا، لە کاتێکدا کە گەنجان نەیاندەتوانی رۆژانە لە ماڵی خۆیان پێشوازی لە هاوڕێکانیان بکەن، بەڵام قاوەخانە دەیتوانی بە ئاسانی ببێتە ئەو جێگەیە.

***گۆڕستانی (الدحداح) جێگایەکی تایبەتی هەیە لای تۆ، هۆکاری ئەوە چییە؟ چۆنیش لە پەرتووکەکانتدا رەنگی داوەتەوە؟**

-هەموو گۆڕستانەکان لەلای من وەک یەکن، هیچ جیاوازییەک لە نێوان گۆڕستانێک و یەکێکی تردا نییە، چونکە ئەوە دوا وێستگەی مرۆڤە، بەڵام گۆڕستانی دحداح ئەو جێگایەیە کە دایکم و باوکمی تیادا نێژراوە، ئەگەر منیش لە دیمەشق مامەوە، ئەوا هەر لەوێدا ئەنێژرێم. هەروەها لە دوا سەردانمدا بۆ دیمەشق، سەرسام بووم بە گران بوونی گۆڕەکانی، وەک نهۆمی گەڕەکە خۆش و گرانبەهاکانی دیمەشق و مافی خاوەن گۆڕێکە لەو گۆڕانە کە پێوەی بنازێت.

لە رۆژانی گەنجێتی و خۆتێهەڵقورتاندن و بەجۆش بۆ هەموو زانیارییەکی نوێ، نزیک گۆڕستانی دحداح نیشتەجێبووبووم، بۆیە دەمتوانی هەزاران مردوو ببینم لەکاتی بەخاکسپاردنیاندا و بۆشم روونبووەوە کە مردن چەند سەخت و دژوار و کۆتاییەکی بێ کەڵکە بۆ ژیانێک کە لە ئاگر و ئاو دەچێت.

***لەم دواییەدا چەند مانگێکی دانەپچڕاو لە دیمەشق ژیایت، ئێستا چۆن دیمەشق دەبینیت؟ ئایا لە یادتدا بەریەککەوتن لەگەڵ دیمەشقەکەی زەکەریا تامر و یاسین رفاعیە و...؟**

# دیمەشقی ئەمڕۆ بە تەواوەتی ناناسمەوە، هیچ پەیوەندییەکیشی بەو دیمەشقەوە نییە کە شارەزای بووم و خۆشمدەویست

-پەنا بەخوا! ئەم دیمەشقەی ئێستا هەر هەمان جەهەننەمەکەی جارانە، کە کەشوهەواکەی لە هاویندا لە کەشوهەوای (کلکوتا) دەچێت، ئاو و هەواکەشی پیس بووە و بۆ ئادەمیزاد دەستنادات، هەروەها زۆریی دیدەنگەی پزیشکی و دەرمانخانەکان دەریدەخات کە دیمەشق هیچی تر نییە جگە لە نەخۆشخانەیەکی بەرفراوان، هەژاریی بەربڵاویش وای کردووە تا ئاستێک کە هەندێکیان بوونەتە چەتە و ڕێگر و لە تاڵانی و دزیشدا چەک بەکارناهێنن و ئەوانەشی دەوڵەمەندبوون، لەپڕ بوونەتە چڵێس و چاوچنۆک و برسی، بەوەوە ناوەستن کە دەستیان کەوتووە لە ملیۆنەها و ملیارات و داوای زیاتر و زیاتر دەکەن و خەڵکیش گوێنادەن بەوەی چییان بەسەر دێت، وەک ئەوەی ژیانیان هی خۆیان نەبێت، هەروەها بەدوای ڕووداوەکانی وڵاتەکەیان و جیهانیشدا ناچن و خوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کەمن و خوێنەری پەڕتوکیش کەمترن، ژیانی ڕۆشنبیریش جەنگ و کوشتاری واتایی بەسەریدا زاڵە. ئۆتۆمبێلەکانیش لەسەر شەقام بە یاسایەک دەڕۆن بەڕێوە کە لە جیهاندا وێنەی نییە، ئەویش یاسای (خۆت مشوری خۆت بخۆ)، شۆفێری تەکسییەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە پەروەردەوە نییە و دەموچاویان داوە بەیەکدا، هەروەک ئەوەی تازە لە سەردانی دایک و باوکیان لە گۆڕستان هاتوونەتەوە و شارەزای دیمەشق نین و بە سواربوو دەڵێن خۆیان ناونیشانی ئەو شوێنانەیان پێ بڵێن کە بۆی دەچن، هەموو شۆفێریکیش نرخی تایبەتی خۆی هەیە و ڕێگەیەکی هەیە بۆ پەلاماردانی گیرفانی سواربووی بێ باڵ. هیچ شتێک لە دیمەشقدا دەستنادات بۆ خواردن، گۆشت ساختەیە، گۆشتی مریشکیش هەمووی هۆرمۆناتە، سەوزە و میوەش بەهەمان شێوەیە و قەبارەیان ناسروشتی و ترسناکە. یەکێک لە هاوڕێ هونەرمەندە شێوەکارەکانم پێی ڕاگەیاندم کە خەیارێکم لەو جۆرانەی کە پێی دەڵێن خۆماڵی، خستە ناو ساردکەرەکەوە و بۆ ڕۆژی دوایی بینیم کە درێژ و ئەستوور بووە و ترسم لێنیشت و وام هەستکرد کە ئاژەڵە نەک میوە. هەموو هەفتەیەکیش، دەمبیست کە هاوڕێیەک یان خزمێک فڕێندراوە بۆ نەخۆشخانە بەهۆی ژەهراوی بوونی بە خواردن لە یەکێک لە چێشتخانە بەناوبانگەکاندا. بەڵام فرۆشیارەکانی دیمەشق کە بەناوبانگ بوون بە ڕووخۆشی و پێشوازیکردنە نەرمونیانەکەیان لە کڕیارەکان و بەجێهێنانی گشت داواکارییەکانیان، گۆڕاون و هەمیشە لەگەڵ کڕیاردا شەڕدەکەن و بەردەوام سووکایەتییان پێدەکەن.

ئەوەشی ئێستا حەز بە پیاسەی شەقامەکانی دیمەشق دەکات، باشتر وایە کە وەسێتنامەکەی بنووسێت و خواحافیزی لە کەسوکاری بکات، لەبەرئەوەی پلان داڕێژەرانی دیمەشقی نوێ هیچ حسابێکیان بۆ پیادە نەکردووە و تا ئێستا باوەڕییان بە بوونی نییە. دیمەشقی ئەمڕۆ بە تەواوەتی ناناسمەوە، هیچ پەیوەندییەکیشی بەو دیمەشقەوە نییە کە شارەزای بووم و خۆشمدەویست، بۆیە باوەڕم هێنا کە شاریش وەک ئادەمیزاد وایە، دەژی و پیردەبێت و دەمرێت، بەداخەوە کە دیمەشقی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانی لێوان لێو بە مرۆڤایەتی و جوانیی سەرسوڕهێنەر بە مردنێکی سروشتی نەمردووە، بەڵکو بە دڕندەترین شێوە کوژراوە، بکوژەکانیش ناسراون و دەستی سزا نایانگاتێ و شانازی بە تاوانەکانیانەوە دەکەن بەوەی کە ئەوە گواستنەوەی دیمەشقە لە تاریکایی سەدەکانی ناوەڕاست بەرەو



ئەم دیمەشقەی ئێستا هەر هەمان جەهەننەمەکەی جارانە، کە کەشوهەواکەی لە هاویندا لە کەشوهەوای (کلکوتا) دەچێت، ئاو و هەواکەشی پیس بووە و بۆ ئادەمیزاد دەستنادات، هەروەها زۆریی دیدەنگەی پزیشکی و دەرمانخانەکان دەریدەخات کە دیمەشق هیچی تر نییە جگە لە نەخۆشخانەیەکی بەرفراوان



رووناکیی سەدەی بیست و یەک.
ئەگەر نەنکی خوالێخۆشبووم تا ئێستا زیندوو بوایە و ئەم بانگێشتەی ببیستایە کە بۆ زۆر رواندنی گوڵی یاسەمین دەکرێت لە دیمەشق، ئەوا دەستی دەکرد بە وتنی ئەو پەندە بڵاوە شامیەی کە بە پوخت و پاراوییەکەی دەڵێت: زبڵکوانە و بە گوڵ دەرازێنرێتەوە. هەموو ئەوانەی کە لەسەر دیمەشق باسم کردن مانای ئەوە نییە کە دەسەلاتی نییە هانم بدات چیرۆکی زیاتری لەسەر خۆی و حاڵی سەیر و سەمەرەی ئێستای بنووسم، چونکە پیاوی راستەقینە رق لە دایکی هەڵناگرێت گەر پیریش بێت و رۆژگاریش روخساری بشێوێنێ.

***بەوپێیەی کە تۆ لە بەریتانیا دەژیت، ئایا وەک شوێنێکی تازە بەسەر داهێنان و ژیانتا زاڵە یان خۆت گونجاند لەگەڵیدا وەک مەنفایەک یان پەیوەندییەکەی لەگەڵتدا بە سەرزارەکی مایەوە؟ ئایا لەندەن دەستەمۆی کردووی یان وەک پڵنگێک خێرا دەبێتەوە بەو دیمەشقەی کە پڕە لە بۆن و بەرامەی جێگاکە و یاسەمینەکەی؟**

-لە بارودۆخە بەربڵاوەکانی بەریتانیا ئەوەیە کە مرۆڤ ئەگەر لە ناکاو زیانێک بە ماڵەکەی بگات، وای لێدەکات کە توانای ژیانی نەبێت تیایدا و دەگوێزێتەوە بۆ ئوتێلێک تا ماڵەکەی چاکدەکرێت، منیش هەمان کارم کرد و چاوەڕێدەکەم خانووەکەم چاکبێتەوە، کە لەوانەیە سەد ساڵی تریش چاکنەکرێت، بەڵام من بەبێ بێزاربوون ئارام دەگرم. هەروەها من لە بەریتانیا هەست بەوە ناکەم لە مەنفام و ژیانیش تیایدا وەک پەیوەندیی گەورە بە خزمەتکارەوە نییە و هیچ کەسێک دەستەمۆ ناکات، بەڵکو رێگە بە پێگەیشتن و گەشەکردن دەدات بۆ گشت کەسێک بەو شێوەیەی کە دەیانەوێت نەک بەو شێوەیەی کە ئەو دەیەوێت، رێگەش بە دڕک و گوڵیش دەدات پێکەوە لە یەک زەویدا بڕوێن.

***سەبارەت بە پەرتوکی هاوڕێی شاعیرت محمد الماغوط (خیانەت لە نیشتمانەکەم دەکەم) وتوتە (متمانە پێکردن بە وشە خۆشەویست دەبێت لەم دەمی درۆ و رووپامایییەدا و هەندێک لە جوانیە ونبووەکەی بۆ دەگەڕێتەوە)، ئایا تا ئێستاش وشە بەهێز و کاریگەرە لەم سەردەمی میدیای بینینکاریدا؟**

-لەبەرئەوەی مرۆڤی خوازیار بە خواردنی تەندروست، پشت نابەستێت بە تەنها یەک خۆراک هیچ ناهێڵت و دەبێت گۆشت و سەوزە و ماسی و هێلکە و شیر و میوە و دانەوێڵە بخوات، ئەویش لە خۆراکی رۆشنبیریدا پێویستی بە زۆرێک لە هەمەجۆری هەیە تا خواردنەکەی بەڕاستی تەندروست بێت، بۆیە رۆژنامە و گۆڤار و پەڕتووک و تەلەفزیۆن و رادیۆ رۆڵی خۆیان هەیە. هەروەها من خۆشم چەند کاتژمێرێکی زۆر بە شەو و رۆژ بە دیار تەلەفزیۆنەوە دائەنیشم بەبێ سەرزەنشتکردنی ویژدانم و هەست ناکەم ئەوە و هەڵگیرساندنی جەنگە بۆ لەناوبردنی پەڕتووکی وشە، کە هەموو شێوازێک لەو شێوازە دەربڕینانە تایبەتمەندی و چێژ و رۆڵی خۆی هەیە لە فێرکردن و پێگەیاندنی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا.
بە دڵنیاییشەوە وشە رۆڵی زۆر گرنگ و ترسناکی خۆی هەر دەمێنێت و لێشی ناترسم لە کێبڕکێکردنی لەگەڵ میدیاکاندا کە بە هەمان شێوە پشت بە وشە و وێنە دەبەستێت بەیەکەوە، بەڵام ئەوەی لە وڵاتە عەرەبییەکەماندا لێی دەترسم، بڵاوبوونەوەی نەزانین و شانازی پێوەکردنە بە ئاشکرایی و وای دادەنێن کە حاڵەتێکی سروشتییە.

ئەگەر نەنکی خوالێخۆشبووم تا ئێستا زیندوو بوایە و ئەم بانگێشتەی ببیستایە کە بۆ زۆر رواندنی گوڵی یاسەمین دەکرێت لە دیمەشق، ئەوا دەستی دەکرد بە وتنی ئەو پەندە بڵاوە شامیەی کە بە پوخت و پاراوییەکەی دەڵێت: زبڵکوانە و بە گوڵ دەرازێنرێتەوە

# من و ماغوت ژیانێکی زۆر سەخت و تاڵ ژیاین و رووبەڕووی یەک دوژمن بووینەوە، بۆیە رقەکەمان لە یەک قوڕگەوە دەهاتە دەرەوە

لە شەستەکاندا چاپی یەکەمی هەر پەرتوکێک لە پەرتوکەکانی نجیب محفوظ دە هەزار دانە بوو و ئەمڕۆش و دوای ئەوەی رێژەی دانیشتووانی نیشتمانی عەرەبی زیادیکردووە و رێژەی نەخوێندەواران کەمیکردووە، خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، لە هەر پەرتوکێکی نوێ تەنها سێ هەزار چاپی لێدەکرێت و ئەمەش هێمای ئەوەیە کە جیهانی عەرەبی بریتییە لە جیهانی سوریالی نوقم بوو لە سوریالیزمدا و مافی ئەوەشی هەیە کە مامەڵە لەگەڵ (کافکا)دا بکات بەو پێیەی وەک قوتابییەکی سەرەتایی.

## محمد الماغوط و من

***یەکێک لە رەخنەگرەکان دەڵێت: (تاقیکرنەوەکەی محمد الماغوطی شاعیر و زەکەریا تامر لە پانتاییەکدا دەکرێنەوە کە تێیدا دەنگەکان تێهەڵکێش دەبن.. هەریەکەیان ویژدانی ئەوی تریانە). ئایا ئەم شیکردنەوەیە راستە؟ ئەگەر راستیشە، ئایا تا ئێستاش تۆ و الماغوط سەرەڕای دووریی جێگاکانتان لە یەکترەوە، هەر ویژدانی یەکترن؟**

-ساڵی ١٩٧٤ لە چاوپێکەتنێک لەگەڵ رۆژنامەنووسێکی فەلەستینیدا هەمان پرسیارم لێکرا، لەوکاتەدا ئەم وەڵامەم دایەوە: محمد الماغوط هەژارێکە لە لادێوە هاتووە و منیش هەژارێکم لە شارەوە، دووان کە رۆشنبیرییەکەیان لە قوتابخانە و زانکۆکانەوە وەرنەگرتووە، بەڵکو لە رێگەی ئەرک و ماندوبوونی کەسییەوە بەبێ ئەوەی ئاڕاستەکرابێتن وەرگرتووە، ئەوەش کارێکی زۆر گرنگە، من و ناوبراو پێکەوە گەشەمان کرد، گەشەکردنێکی ئەدەبیی رزگاریخواز بە شێوەیەکی سروشتی لە کاریگەریی و زاڵبوونی ئەوەی کە بە لوتکەی ئەدەبی ناوزەند دەکرێت، ئەو لوتکە جیاوازانە، جگە لەوەی کە ئێمە ژیانێکی زۆر سەخت و تاڵ ژیاین و رووبەڕووی یەک دوژمن بووینەوە، بۆیە رقەکەمان لە یەک قوڕگەوە دەهاتە دەرەوە، ئەو قوڕگەی هەڕەشەی بێبەشکردنی هەوای لێدەکرا.

ئەوە وەڵامەکەم پێش زیاتر لە سی ساڵ لەمەوبەر و ئێستاش زۆر گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە جگە لەوەی کە هەریەکەمان سەرکەوتوو بووە لە پێشکەشکردنی هەموو بابەتێکی نوێ و جیاواز لەوەی کە باوە، بەڵام ئێمە هەردووکمان هیلاک بووین و گۆڕاین و گەشەمان کردووە.. یان بۆ پێشەوە یان بۆ دواوە، ئەو هیلاکی و گۆڕان و گەشەکردنە وای لە هەردووکمان کرد ببین بە دوو دوورگەی جیاکراو لە یەکتر، دوورگەکانیش دوورن و پێویستیان بە دروستکردنی پرد هەیە لە نێوانیاندا، بەڵام هەردووکمان تەمەنێکی زۆرمان بڕیوە و الماغوطیش کاتی نییە بۆ بنیادنانی ئەو جۆرە پردانە، هەروەها منیش کاتم نییە و چیتر خاوەنی ئەو هێز و ئارامیە نیم بۆ ئەمجۆرە بەدەستهێنانانە، هەموو ئەو کاتەشی کە ئێستا هەمە تەرخانم کردووە بۆ کاری نووسین، یان بۆ کات بەسەربردن و خۆشگوزەرانی.

چوارشەممە، ٢٩/مارس/٢٠٠٦

**سەرچاوە:**

سایتی جذور الثقافية



وشە رۆڵی زۆر گرنگ و ترسناکی خۆی هەر دەمێنێت و لێشی ناترسم لە کێبڕکێکردنی لەگەڵ میدیاکاندا کە بە هەمان شێوە پشت بە وشە و وێنە دەبەستێت بەیەکەوە، بەڵام ئەوەی لە وڵاتە عەرەبییەکەماندا لێی دەترسم، بڵاوبوونەوەی نەزانین و شانازی پێوەکردنە بە ئاشکرایی و وای دادەنێن کە حاڵەتێکی سروشتییە